دانانی لاپتۆپ لەسەر رانەکان بە ماوەی کاژێرێک دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گونەکان

لاپتۆپ بە نزیکەیی لە هەموو ماڵەکدا هەیە و ملیۆنان کەس لە ماڵ و ئۆفیسەکانیان بە راپەڕاندنی کارەکانیان بەکاری دەهێنن، بەم دواییانەش بە قەبارە و شێوازی جیاواز بەردەست بووە، بەڵام لەووی جەستەییەوە پسپۆڕان هۆشداری لە شێواز و چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەدەن.

یەکێک لە توێژینەوەکانی زانکۆی ئەکسفەردی بریتانی دەریدەخات، دانانی لاپتۆپ لەسەر رانەکان بە ماوەی کاژێرێک، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گونەکان بە تەکەیای 2.7 پلەی سلیزی، ئەوەش روونکراوەتەوە: جووڵە و پێکهاتەی سپەرم تێکدەدات و دەشێت درێژخایەن توانای وەچەخستنەوە لاواز ببێت.

بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی نوێتری زانکۆی ستەیت لە نیویۆرک ئەوەی دەرخستووە، گەرمی و تیشکە کارەموگناتیسیەکانی لاپتۆپ هەکار دەبن بە لاوازبوونی توانای وەچەخستنەوە، کەمبوونەوەی کوالیتیی و جووڵەی سپەرمەکان و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گونەکان.

یۆفیم شێنکین، نووسەرێکی لێکۆڵینەوەکەیە و دەڵێت: ''ئەو فرەکۆنسیانەی لە لاپتۆپەوە دەردەچن،

خانەکانی سپەرم تەکدەدەن''.

هاوکات د. ئەلەکس ڕەبەز، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خانمان لەبارەی کاریگەریی دانانی لاپتۆپ لەسەر سک لەنێو خانمان پێی وایە، گەرمییەکەی و تیشکەکانی دەشێت پێکهاتەکانی هێلکەدانی خانمان تێکبدەن. بۆیە پێشنیاز دەکات، سەرینێک یاخود بەربەستێک لەنێوان ڕانەکان یاخود سک و لاپتۆپەکەدا دابنرێت.

ڕێنوێنیکارەکی تەندروستی هۆشداری دەداتە خانمان و دەڵێت: ''دانانی لاپتۆپ مەترسییەکی گەورەیان تووشدەکات، چونکە ئەو گەرمییەی لەوێی دەردەچێت زیان بە هێلکەکانیان دەگەیێنێت و لاوازیان دەکات''.